www.kurdistannet.org

29-3-2006 23:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**قۆناغی هەشتەمی کاسی ئەوروپا (خولی شامپیۆن) دەستی پێکرد ... ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی**





ئەم شەو لە میانەی یاریەکانی خولی شامپۆێن دوویاری گرنگ ئەنجام درا لە نێوان یانەی ئەرسناڵی ئینگلزی و یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی کە لە یاریگای (هایبری) لەندەن ئەنجام درا، یانەی ئەرسناڵ لە دەستپێکردنی یاریەکە هەوڵی هێرش بردنی ئەدا تا بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ لە ماڵی خۆیدا هەربۆیە لە دەقیقەی 40 دا یاریزان فابریکاس توانی گۆڵی یەکەم تۆمار بکەت بۆ یانەکەی دوای ئافتایمی یەکەم ئەرسناڵ هەر لە هێرش بردندا بەردەوام بوو تا لە دەقیقەی 69 یاریزانی فەرەنسی بەناوبانگ هێنری توانی گۆڵی دووم تۆمار بکات، یاریزانانی یۆڤانتس ناچاربوون پەنا بەرن بۆ خۆپیادان بە یاریزانانی ئەرسناڵ لە دەقیقەی 87 یاریەکەدا یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵی کامۆرۆنس کارتی سووری بۆ بەرز کرایەوە یاریگاکەی بەجێهێشت پاش 2 دەقیقە واتە لە 89 دا یاریزان زێبینا ناوبژیوان کارتی سووری بۆ بەرزکردەوە ئەویش کرایە دەرەوە لە ناو یاریگاکە یانەی یۆڤانتس بۆ ماوەی 4 دەقیقە بە 8 یاریزان یارییان دەکرد، ئەم سەرکەوتنە زۆر گرنگ بوو بە نیسبەت یانەی ئەرسناڵەوە. یاری دووەم لە هەمان خولدا یانەی بەنفیکای پورتوگالی میواندارێتی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی کرد کە ڕاهێنەری هەردوو یەنانە هۆڵەندین، ڕاهێنەری بەنفیکا (کیومان) بەرشەلۆنە (ڕیکارد) هەرچەندە یانەی بەرشەلۆنە لە سەرەتای دەستپێکردنی یاریەکەوە هەوڵی هێرش بردنی ئەدا بەڵام نەیان توانی هیچ گۆڵێك تۆمار بکەن واتە یاریەکە کۆتایی هات بە بێ گۆڵ، ڕۆژی 29 / 3 / 2006 لە خولی شامپیۆن قۆناغی هەشتەم دوو یاری گرنگ دەکرێت یانەی لیۆنی فەڕەنسی میواندارێتی یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی دەکات لە فەڕەنسا پاشان یەنانەی ئەنتەری ئیتاڵی میواندارێتی یانەی ڤیلەڕیاڵی ئیسپانی دەکات لە هەمان خولی شامپیۆندا. ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی







